Kurdistan Nêt

ماركيز، گۆراني بێژيشه

له فارسيەوه
نوسيني/كيتي بلينكيس _____ دڵشاد خۆشناو/تاران
Email: Dilshadkhoshnaw@hotmail.com

ئاماژه:

(گابريل گارسيا ماركيز)ي نوسەري بەناوبانگي كۆڵۆمبي،يەكێكە لەو نوسەرانەي كە عاشقي مۆسيقا و گۆرانييە،ئەو نوسەرە عاشقي هەموو جۆرە مۆسيقايەكيشە هەر لە مۆسيقاي بازرگانييەوە بگرە تا دەگاتە كۆنسێرتەكاني(بلابارتوك).

ماركيز دژي ئەوانەيە كە مۆسيقاي بازرگاني بە تێكدەري خولیا و رۆح دەزانن،لەو باوەڕدايە،مۆسيقاي بازرگانيش كە تام و چێژێكي جواناسي هەبێت،بيستەر رازي دەكات. ماركيز خۆي بە خاوەن تيۆر دەزانێت لە بواري مۆسيقادا و لەو باوەڕدايە كە:(شاعيران و نوسەراني كە زانستي مۆسيقايي نازانن و يانيش لاني كەم عاشقي مۆسيقا نين، ناتوانن لە كاني زوڵاڵي هونەر تێرئاو ببن).

زانستي مۆسيقايي ماركيز سنوردار نييە لە مۆسيقاي كۆڵۆمبيا و ئەمريكاي لاتين و جيهاني رۆژئاوا،بەڵكو لەو زەمينەدا خوێندنەوەي چاكي هەيە، بە جۆرێك كە دەزانێ(مۆسيقاي رۆژهەڵات - بە تايبەتيش مۆسيقاي ئێران 600 ساڵ كۆنترە لە مۆسيقاي رۆژئاوا و جيهان) يا ئەوەي كە(يەكەمين قوتابخانەي مۆسيقايي جيهان مۆسيقازانێكي ئێراني دايمەزراند لە - كوردواي - ئيسپانيا).

Kurdistan Nêt

مۆسيقاي فۆلكلۆر هەميشە هەنگاوێك لە پێشەوەيە

ماركيز لە ووتوێژەكانيدا لەگەڵ رۆژنامەنوسان و ديداري لەگەڵ هونەرمەنداني كۆلۆمبيا و كوبا تەنانەت بەرازيليش،چەندين جار گوتويەتي:(بە دڵنيايي يەوە دەڵێم مۆسيقاي فۆلكلۆر يا رەسەن لە هەموو ولاتاني جيهان هەميشە هەنگاوێك لە پێشترە لە مۆسيقاكاني تري ئەو وولاتە، نابێ بێسۆزي ئەوانەمان لەبەر چاو نەبێ كە بە بيانوي نوێخوازي و نوێكردنەوە، تەور لە ريشەي رەسەنەكان دەدەن، هەڵبەتە كە ناتوانين دژي نوێخوازي راوەستين؛چونكە داهێنان و نوێگەري، يارمەتي مرۆڤ دەدات تا بگاتە كامل بوون. بەڵام ئەوەي هەندێ كەس بەتايبەتي لاوەكان، بيانەوێت بە لەبەرچاو نەگرتني رەسەنەكان،ئەو رەسەنانەي كە پەيامێكيان هەبووە، ميراتي پێشينانمان رەت بكەنەوە،ئاساييە كە شارەگي كامل بوون روبەڕوي گرفتي زۆر دەبێتەوە).

ماركيز لە باسي (ئۆپێرا)دا بە راشكاوي دەڵێت:(ئەمڕۆ ئەگەر تەماشايەكي ئۆپێرا بكەيت لە سەرانسەري جيهاندا،تێدەگەيت كە ئەو هونەرە لە رۆژگاري ئێمەدا گەڕاوەتەوە دواوە. ئۆپێرا ئيدي نە جەماوەر و بينەري هەيە و نە ئاوازدانەرانيش لەم لايەنەوە كاري بۆ دەكەن. نوچداني ئۆپێرا لەم رۆژگارەي ئێمەدا لەم رووەوەيە كە دەچێتە سەر تەختەي شانۆ، قسەو پەيامي كاريگەري بۆ جەماوەر نييە بە تايبەتيش بۆ نەوەي نوێ. ئەو هونەرە لە رۆژگاري ئێمەدا نە ئاڕاستەي هەيەو نە خەسلەت.

جەماوەر و بينەري ئەم سەردەمە وەكو نەوەي پێشتر نين كە كۆميدي و مۆسيقاي كۆنيان پێخۆش بێت. جيهان لە سەرەتاي سەدەي بيست و يەكەم لە هەموو لايەنێكەوە تووشي گۆڕانكاري ريشەيي بووە. بەڵام لە هونەردا بە تايبەتيش هونەري مۆسيقا، گۆڕانكاري ئەوتۆمان نەبووە).

قسەكاني ماركيز كە دەگاتە ئێرە،رۆژنامەنوسێك قسەكاني پێ دەبڕێ و بە رەخنەيەكەوە لێي دەپرسێت:(تۆ گوتت مۆسيقاي فۆلكلۆر هەميشە هەنگاوێك لە پێشترە لە هەموو جۆرەكاني تري مۆسيقا،ئۆپێراش لەم سەردەمەدا يەكێكە لە مۆسيقاي رابردوو،بۆچي ئۆپێرا بە دواكەوتوويي تاوانبار دەكەيت؟).

ماركيز بۆ ئەو مەبەستە وەڵامێكي رەزامەندانەي ئامادەي هەيە.لەم رووەوە بێ رامان وەڵام دەداتەوە:(كاتێ كە مۆسيقاي ميللي،پێشكەوتني نەبێت و گۆڕانكاري بەسەردا نەيێت و لەگەڵ رۆژگارو و سەردەمدا پێش نەكەوێت،بە دواكەوتووي تاوانبار دەكرێت. ئێمە رێزمان هەيە بۆ مۆسيقاي رابردوو و بەهاي بۆ دادەنێين، ئەويش بەو مەرجەي نەبێتە زەلكاو و بۆگەن بكات لە مانەوەدا، بزافتن و پێشكەوتني هەبێت و سبەينێ لەگەڵ هەلومەرجي سەردەمدا بگونجێنێ).

ماركيز دەستنيشاني ئەو خاڵە گرنگە دەكات كە: (بۆ نوسيني رۆمانە نەمرەكاني ئيلهامي زۆري لە مۆسيقا وەرگرتوە). لەو زەمينەدا پتر دەدوێ و دەڵێ: (لە كۆڵۆمبيا جۆرە مۆسيقايەك بە ناوي ـ وايە ناتو ـ هەيە كە تايبەتە بە هەرێمێك لە كۆلۆمبيا بە هەمان ناو ـ وايە ناتو ـ لە رۆژگاري كۆندا جۆرە ئاهەنگ و ئاوازێكي حەماسي بووە كە روداوە راستيەكاني بەيان كردوە. هونەرمەنداني ـ وايە ناتۆ ـ كاتي خۆي بە شارو دێهاتەكاندا دەگەڕان، و دەربارەي هەندێ روورداو و بەسەرهاتي رۆژانە شتيان دەبيست و لە مێشكي خۆيان تۆماريان دەكرد، و پاشان بە جيهانێك ئەزمون و زانيندا دەگەڕان، بەو هەرێمانەدا و لەبارەي روداو و بەسەرهاتەكان گۆرانيان دەگوت. بە تێپەڕبووني رۆژگار ـ وايە ناتو ـ لە سەرتاسەري كۆڵۆمبيا پەرەي سەند و بووە مۆسيقايەكي خۆشەويست و ميللي، رەنگە لاي ئێوە سەير بێت ئەگەر بڵێم هێلكاري و ئەندێشەي رۆماني(سەد سالْ تەنيايي)م لە ـ وايە ناتو ـ وەرگرتووە. (سەد سالْ تەنيايي)من شتێك نييە جگە لە ـ وايە ناتۆ ـ يەكي پڕ و مەزن. هەندێ جار نوسەرانيش دەتوانن بە نوسيني رۆمان يا كورتە چيرۆك، هەمان كار بكەن كە مۆسيقاژەنێك دەيكات بە ژەنيني ئامێر و دەزگا مۆسيقاييەكان)

نغرۆ بوون لە نەتوانيندا

ماركيز دەڵێ: (هەموو مۆسيقازاناني جيهان، ئاواز دانەران و تەنانەت مۆسيقا ژەنە هەرە بێتواناكاني جيهان، ناني ميراتي رابردواني خۆيان دەخۆن و بەوانەوە ناوبانگ پەيدا دەكەن. بۆ نمونە تەماشايەكي ـ مۆزارت ـ بكەين لە رۆژئاوادا، هات هەروەكو (باخ) لە سەردەمي باروك، لە قوتابخانەي مۆسيقاي رابردوو فێربوو و تايبەتمەنديەكي بەخشيە ئەو مۆسيقا كۆنە ـ مۆزارت ـ مەگەر چي داهێنا؟ ئەو هەر ئەو شتەي كە هەبوو پێشي خست و گەياندیە لوتكە. مۆزارت هەر شتێكي كۆني دەبيست لە سۆنات بگرە تا دەگاتە سەمفۆنيا و ئۆپێرا، دەيكردە دەستمايەي خۆي و گيانێكي تازەي بەبەردا دەكردەوە. هەر بەم هۆيەشە كە مۆسيقاي مۆزارت لە قولاْيي گيان و رۆحي كەسێك دەدوێت كە زۆر پوختە و بێ گەرد بووە. گرنگترين و نەمرترين خزمەتي ئەو مۆسيقازانە مەزنە لە ئاست كلتوري مۆسيقي، گۆڕيني(ئۆپێراي مۆسيقي) وەستاو و بێ جوڵەي ئەفسانەي و دێرينە، كە لە نمايشي زيندوودا دەمێنيتەوە. ئيدي دەبينين هەموو شتێ لە جيهاني مۆسيقا ريشەكەي دەگەڕێتەوە بۆ فۆلكلۆر و مۆسيقاي دێرين، ئەو خاڵەش نابێ لەبير بكەين كە خەڵكي(گوندي جيهاني مۆسيقا)چ رابردوو و چ ئێستاش لە گەلْ نەتوانينەكانياندا لە ململانێ دابوون. دەست رەنگيني يا هونەري مۆسيقا هەميشە ئەگەر كۆن بێت و ميراتي پێشينانيش بێت هەر كارێكە كە پێويستي بە تاقيكردنەوە هەيە. مۆسيقازان و ئاوازدانەراني سەركەوتوو، لەگەلْ دروست كردن و داهێناندا هەميشە دەيەوێت ئەو شتانە بلێت كە ناگوترێ و

بەیان ناکرێت، بەڵام ئەو بە نۆتەي مۆسیقا و زماني مۆسیقي ئامادەي دەکات دەیخاتــە بــەر گوێـي بیسـتەران. ئەگەر مۆسیقازان ئاگادار بێت کە ناتوانێ ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات دڕێژە بــە کارەکــەي نــادات!مۆسـیقازان و ئاوازدانەري باش و سەرکەوتوو لە نەتوانینە جۆراوجۆرەکان نغرۆ دەبن و دەگۆڕێن و سەرەنجام نابووت دەبن.)

مۆسیقاي کلتوري

مارکیز لە زەمینەي هونەر،بەتایبەتیش هونەري مۆسیقا خۆي بە(فۆلکلۆریك) دەزانێ،فۆلکلۆریکێك کە دژي نوێکردونەوە و نوێگەریي و داهێنان نییە. هەڵبەتە بەو مەرجەي کە رەسەنایەتیەکان بریندار نــەکرێن. مــارکیز دەڵێت:(ئێمــە هــەندێ مۆسـیقاي میللیمــان هەیــە کــە ئــەمڕۆ و سـبەینێ و لــە داهــاتووش هــەر بــە هــەمان نــاو دەیانخوێنینەوە. لە دیدگاي منەوە مۆسیقاي(رۆمانتیك)و(باروك)یش،هەر رەسەن و میللین. بە کورتــي دەمــەوێت بڵێـم کــە مۆسـیقاي کلتـوري لــە هــەموو جیــهاندا لــە مۆسـیقاي نــاو کوچــەو بــازاڕەوەوە و لەســەر زاري خــەڵك سەرچاوەي گرتووە.

(بلابارتوك)ي مۆسیقازان و ئاوزدانەري هەنگاري بە نمونە دێنمەوە. کاتێکــە لاوێکــي 20 ،25 ســاڵە بــوو لــە کوێستانەکاني وولاتەکەي بە کۆنە ریکۆردەرێك،ئاوازە کۆنەکاني ئەو لادێ و هەرێمە شاخاویانەي تۆمار دەکرد. تا هونەرمەندانەترین و نوێترین ئاواز و مۆسیقاي لێیەوە داهێنا. بە بۆچووني من ئەگەر (بلابارتوك) و هەوڵەکاني نەبوونایە،(شوێنبرگ)و(ئستراڤینسکي) مۆسیقایان لەناو بردبوو!نامەوێت بڵێم کە ئــەو دوو مۆسـیقازانە دیارانــە، مۆسیقازاني خراپ بوون،نەخێر،بەڵکۆ رێگایان بە خۆیان دەدا کە زانستي هونەري،بیانگەینێتە شوێنێك تا هەر کارێك لە شێوە بەدەر لە ئیلهام و پێکهاتە ئەنجام بدەن.)

مۆسیقا پیشەسازي نییە

مارکیز دەڵێت:(کاتێ کە ـ پاییزي باوك سالاري ـ م دەنوسـي، تــەنیاو تــەنیا گوێـم دەدایــە مۆسـیقاي ـ بارتوك ـ ماوەیەك پێش ئێستا دو رۆژنامەنوسي بیێگانە لە ووتوێژێکیاندا لەگەڵ من، شتێکیان گوت کە بەراستي سەرم سوڕما، گوتیان:(ئێمە ـ پایزي باوکسالاري ـ مان خوێندەوە و لە کۆتاییدا تێگەیشتین کە رۆمانەکەي ئێــوە هەمان شێوازي کۆنسێرتي ژمارە سێي ـ بارتوك ـ ي هەیە. کاتێ ئەو قسەیەم بیست،بەو ئەنجامــە گەیشـتم کــە هەندێ لە جواناسیەکانم لە بارتوك وەرگرتووە. لەو هەموو مەسەلانە دەگەینە ئەنجامێکي گشتي،ئەویش ئەوەیە کە مۆسیقاي ئەمڕۆي جیهان، تەنیا پیشەسازیەك نییە؛ بەڵکو هەم زمانێکي یەکەي نێودەوڵەتییە و هەم هونــەر

و زانستيشه. كەسێ كه ئاشنايي هەبێت لەگەڵ بەرهەمەكاني ئەرستۆ،تێدەگات كه لـه فەلسـەفەي تيـۆري ئـەو دانـا و فەيلەسـوفه مەزنـه،تێدەگـات كـه مۆسـيقا يەكێكـه لـه بەشـەكاني بيركـاري،تەنانـەت فەيلەسـوفه موسلمانەكانيش كه پۆلێنكردني ئەرستۆيان له كتێبه فەلسەفيەكانياندا باس كـردووه،مۆسـيقايان بـه بەشـێك لـه بيركاري زانيوه. ئەمەش خـاڵێكي فـره وورده،چونكـه توخمـي سـەرەكي مۆسـيقا جگـه لـه دەنـگ و زيروبـەم و دەنگەكان شتێكي تر نييه،له ژێر كاريگەري رێژه بيركاريـەكان پـەيدا دەبێـت،لـه لايـەكي تـر چونكـه تـەواوي بنەماكاني مۆسيقا هێندەي بيركاري بێ گۆڕان نييه،واته زەوق و هەستي مۆسـيقازان كاريگـەره تێيـدا،دەتوانـين ناوي بنێين هونەر.

من مەزنترين ئاماژەي مۆسيقايي نەوەي سـەردەمي خـۆم لـه بەرهەمـەكاني(پريـس پـرادۆ) دەبينـم،هـەرگيز ناتوانم بڵێم كەسێكي رۆشنبير نەبوه، بەڵام وەك گرنگي مۆسـيقا بـۆ كلتـور و رۆشـنبيري بـەهرەي لـه مۆسـيقاوه وەرنەگرت.)

سەردەمێک گۆرانیم دەگووت

ماركيز تا ئەو شوێنه عاشقي مۆسيقايه، كه خۆشي پێش چەند ساڵێك خـەريكي گۆرانـي گوتـن بـووه،لـەم بارەيەوه خۆي دەڵێت:(چەندين ساڵ لەمەوبەر كه له پاريس بووم،له گەڵ گروپێكي شـەوانه خـەريكي گۆرانـي گووتن بووم، به گۆراني بێژێكي پيشەييش دەژمێررام!لـەم گروپـەدا كـه(دورخراوەكـاني) ئەمـەريكاي لاتـين كـۆ ببوينەوه،كاري من لەو كاتەدا رۆژنامەنوسي بوو و باري ئابووريم باش نەبوو و بۆ گوزەراندني ژيانم ناچـار بـووم كه روو بكەمه گۆراني گووتن، هەڵبەته روو هێنانم بۆ ئەو هونەره تەنيا مەبەستي ماددي نـەبوو،بـەڵكو عەشـقي مۆسيقا به شێوەيەك له بونمدا هێلانەي كردبوو،كه تواناي باس كردنم نەبوو، ئەو عەشـقه هـەتا ئێشـتاش هـەر لەمندا هەيە...)